مەحما خەلیل: حکومەتی هەرەم هیچ زانیارییەکی لەسەر بوونی هێزەکانی تورکیا لە خاکی عێراق نییە

مەحما خەلیل، ئەندامی پەرلەمانی عێراق لە لیستی پارتی دەڵێت: حکومەتی هەرەم هیچ زانیارییەکی لەسەر بوونی هێزەکانی تورکیا لە خاکی عێراق بەتایبەتی لە دهۆک نییە.

مەحما خەلیل، نوێنەری پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە چاوپێکەوتنێکی میدیایدا وتی: "حکومەتی هەرەم هیچ زانیارییەکی لەسەر بوونی هێزەکانی تورکیا لە خاکی عێراق بەتایبەتی لە دهۆک نییە"، دەشڵێت: دەستوەردانی تورکیا و پێشڕەوی هێزەکانی لە خاکی عێراق و ناوچەی دهۆک، هیچ پێوەندییەکی بە هەرەمەوە نییە، چونکە حکومەتی فیدراڵ بەپێی مادەی 109ـی دەستوور بەرپرسی بەرەنگار بوونەوەی هەڕەشەکانی تورکیایە.

شایەنی باسە، لەمساڵدا هێزەکان و سوپای تورکیا 833 هێرشان بە سەر خاکی هەرەم ئەنجامداوە و بەوهێیەوە هەشت هاووڵاتی شەهیدبوون لەنێوانیاندا دوو ئەندامی پێشمەرگە.

سەرەڕای هێرشەکانی تورکیا کە بە ماوەی چەندین ساڵ بەردەوامە، حکومەتی هەرەمی کوردستان و هیچی لایەنێکی ئەمنی و حکومی لە هەرەمی کوردستان ئەم هێرشانەی سەرکەنە نەکرد سەرەڕای ئەوەی بووە هۆی کوژرانی دەیان هاوڵاتی سڤیلی هەرەمی کوردستان.